# بەنوسراوی شەخسی مەحمود سەنگاوی چوار پارچە زەوی لەدەرەوەی یاساو ڕێنماییەکان دابەشکراوە



مەحمود سەنگاوی

فۆتۆ: ئەرشیف

**تایبەت بەهاوڵاتی**

مەحمود سەنگاوی لێپرسراوی پێشووتری مەڵبەندی ڕێکخستنی گەرمیانی یەکێتی بەنوسراوی شەخسی چوار پارچە زەوی ئاراستەی شارەوانی کفری کردووەو داوای لێکردوون ئەو زەوییانە تەرخان بکەن بۆ چوار کەس، کەهیچ مەرجو بنەمایەکی یاسایی هاوپێچ نەکراوە لەگەڵ ناوەکانیانو پاشان بەفەرمانێکی وەزاری زەوییەکانیان پێدراوە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی لەسەر شارەوانی کفری کە لە ٢٠٠٤/٨/١٧دا ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی کراوە، داوای کردووە بەپەلە لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ئەو کەموکوریو «گەندەڵیانە»ی لەسنوری شارەوانی ناوبراودا هەیەو تیایدا ئاماژە بۆ دەستێوەردانی مەحمود سەنگاوی لێپرسراوی مەڵبەندی ١١ی ڕێکخستنی گەرمیانی یەکێتی کراوەو هاتووە "ئایا لێپرسراوێکی حزبی وەك بەڕێز (مەحمود سەنگاوی) لەکوێ ژمارەی ئەو زەویانەی وەرگرتووەو چۆن؟ تکایە بەرپرس لەو کارە دیاری بکرێتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت".

لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی زەوی نهێنییەو پێویستە تەنها لەنێوان فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەو وەزارەتی شارەوانیو سەرۆکایەتی شارەوانی کفریدا بمێنێ تاکاتی تەرخانکردنی".

## بەرپرسی کۆمیتەیەك ئۆتومبێلێکی یەکێتی دەفرۆشێت

**پ. هەولێر:**

دوای ئەوەی لەلایەن ئیدارەی گشتیو مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە ئۆتومبێل بۆ زۆربەی بەرپرسی کۆمیتەکان دەکردرێت، بەرپرسی کۆمیتەی شەهید بەکر جۆلای یەکێتی سەر بەمەڵبەندی هەولێر ئۆتومبێلەکەی دەفرۆشێتو یەکێکی تر بەناوی خۆی دەکرێت.

لەوبارەیەوە ئازاد جۆلا بەرپرسی کۆمیتەی هەشت وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە وتی "ئەو ئۆتومبێلە هی خۆمەو خەڵکیش ئازادە لەوەی چی لەماڵی خۆی دەکات، دواتر ئەو ئۆتۆمبێلانە لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە بۆ کۆمەڵێك هەڤاڵ کردراون".

بەرپرسی کۆمیتەی هەشت وتیشی "ئێستاش ئەو ئۆتۆمبێلەم لەبری ئەو ئۆتۆمبێلەی کەداویانە بەمن کریومە سەنەویەکەی بەناوی خۆمەوەیە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار کەپێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە بەهاوڵاتی وت "ئیدارەی گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی بۆ ئیشوکاری کۆمیتەکان کریوە، بەڵام ناتوانن بەکەیفی خۆیان تەسەروفاتی پێوە بکەن، چونکە سەنەوەیەکەی لەلای ئیداری گشتییەوە دەگێردرێتەوەو مولکی یەکێتییە نەك تاکە کەس".

هەر هەمان سەرچاوە وتیشی "کەس بۆی نییە ئەو ئۆتۆمبێلانە بەناوی خۆیەوە بکات هەر کەسێ ئەمە بکات پێشێلکاری دەکات".

## لەبودجەی ٢٠٠٦ ی پارێزگای دیالە تەنها ١٧ ئۆتۆمبێل بۆ ئەندامانی ئەنجومەن کردراوە

**پ.گەرمیان**

بەهۆی توندوتیژیو نائارامی شارەکەوە، بودجەی ساڵی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧ی پارێزگای دیالە سەرفنەکراوەو تەنها ١٧ ئۆتۆمبێلی لێکردراوە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکەو بڕیارە دوای ئارام بوونەوەی بارودۆخی ئەمنی پارەکە لەپڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا سەرف بکرێت، هەڵمەتی ڕاوەدونانو دەستگیرکردنی چەکدارە توندڕەوەکانیش گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی.

لەوبارەیەوە ئیبراهیم حەسەن باجەلان ـ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** وتی "بودجەی ساڵی ٢٠٠٦ی دیالە بەهۆی خراپی باری ئەمنییەوە هێشتا خەرجنەکراوەو لەگەڵ بودجەی ئەمساڵدا کەدەکاتە ٢٤٠ ملیار دینار دادەنرێت بۆ ئەو کاتەی بەتەواوەتی دیالە پاك دەکرێتەوە لەتیرۆرستان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاری".

بەپێی زانیارییەکانی **هاوڵاتی** بەرپرسانی پارێزگای دیالە لەپێشانگای ئۆتۆمبێلی کەلار ١٧ ئۆتۆمبێلیان کریوە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە.

باجەلان وتی "ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەش وەکو هەموو بەرپرسێك پێویستیان بەئۆتۆمبێل هەیەو ئەو ١٧ ئۆتۆمبێلەش بەبودجەی پارێزگا بۆیان کردراوە".

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، ئاشکرایکرد کەپلانی ئەمنی دیالە سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوەو لەچەند ڕۆژی داهاتووشدا هەڵمەتی پاککردنەوەی شارەبانو ڕێگای عوزێم و خالس کەڕۆژانە چەندین کورد بەهۆی هاتۆچۆکردنی بەغداوە لەو دوو ڕێگای دەکوژرێن دەست پێدەکات.

ناوبراو وتیشی "دیالە بەتەواوەتی لەچەکدارەکانی قاعیدە پاککراوەتەوەو لەسەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتەکەوە زیاتر لە٣٠٠ چەکداری قاعیدە کوژراوەو یەکێك لەسەرکردە گەورەکانی قاعیدەش لەدیالە کورد بووە، بەڵام هەڵهاتووەو دەستگیرنەکراوە".

## لەسەر کێشەی پارچە زەوییەك جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەلار دەدرێتە دادگا

**پ.هاوڵاتی**

لەسەر کێشەی پارچە زەوییەك بنەماڵەی حەمە سەنگەری بەهۆی ناوزراندنیان لەڕۆژنامەکاندا داوایەکی یاساییان لەسەر جەلال عەبدوڵڵا جێگری یەکەمی لێپرسراوی مەڵبەندی کەلار تۆمار کردو دوای بانگکردنی بۆ دادگا پاشان بەکەفالەت ئازاد کرا.

سەرەتای کێشەکە لەوەوە بوو کەکارمەندێکی مەڵبەند ویستوویەتی خانوو لەسەر پارچە زەوییەك دروست بکاتو ماڵی کورەکانی حەمە سەنگەری دیوارەکەیان ڕووخاندووەو پاشان شارەوانی لێژنەیەکی پێکهێناو دەرکەوت زەوییەکە بەناوی پێشمەرگەیەکی دێرینەوە دەرچووەو تائێستا فەرمانەکەی لەوەزارەت نەهاتووەتەوە.

لەوبارەیەوە هێرش سەنگەری کوری حەمە سەنگەری پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ **هاوڵاتی** ئاماژەی بۆ ئەوەکرد پێشتر جەلال عەبدوڵڵا سەرپەرشتیاری دابەشکردنی ئەو زەوییانە بووە کە تەرخانکراوە بۆ مەڵبەند، ئێستاش کارمەندێکی مەڵبەند لەسەر پارچە زەوییەکە خانووی دروستکردووە، کەخاوەنی بۆ پەیدابووە.

هێرش وتیشی "ئێمە ئەوەمان بڵاوکردەوو کەئەو زەویە بەنایاسایی کراوە بەخانوو، کەچی جەلال عەبدوڵڵا لەکوردستانی نوێدا وتویەتی پێشتر ماڵی حەمەسەنگەری داوای ئەو زەوییەیانکردووەو پێیان وتووم بماندەرێ دواتر بەشەریکی دەیفرۆشین، ئەوەش تەشهیرە بەبنەماڵکەمان بۆیە داوایەکمان لەسەری تۆمار کرد".

هەر لەو بارەیەوە جەلال عەبدوڵڵا جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەلاری یەکێتی وتی "من پێم سەیرە ئەو کورانە بۆ خۆیان کردووە بەخاوەنی ئەو زەوییەو ئەو کێشەیە، ئەگەر گەندەڵی ئاشکرا دەکەن بالەخۆیانەوە دەست پێبکەن".

جەلال عەبدوڵڵا وتیشی "من شاهیدم هەیە، کەدایکیان هاتووە بۆ لامو وتی من زیندانی سیاسیم زەویەکە بدە من، بەڵام من پێم وت کەهاوسەرەکەت زەوی وەرگرتووە ناتوانین بتدەینێ، دواتر وتی تۆ بمدەرێ بەشەریکی دەیفرۆشین".

سەرچاوەیەکی بەرپرس کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە**هاوڵاتی** ڕاگەیاند "ئەو زەوییەی کێشەی دروستکردووە، هی هیچکام لەوانە نییەو مولکی شارەوانییە، ئەو کارمەندەش خانووەکەی دروستکردووە تاپۆی نییەو مۆڵەتی دروستکردنی بیناشی وەرنەگرتووە".

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی وت کەکارمەندەکەی مەڵبەندو ئەو کەسەی خۆی بەخاوەنی زەوییەکە ئەزانێت خەریکە ڕێك دەکەوێت لەسەر ئەوەی کەفەرمانی زەویەکە وەربگرێتو دواتر بەمەبلەغێك پارە بیفرۆشێتەوە بەکارمەندەکەی مەڵبەند.

جواد وادی سەرۆکی شارەوانی کەلار بە**هاوڵاتی** ڕاگەیاند "بۆمان دەرکەوتووە پارچە زەویەکە مولکی پێشمەرگەیەکی پارتیزانی یەکێتییەو هەڵەکراوە لەتۆمارکردنیدا، بۆوەرگرتنەوەی زەویەکەش پێویستە خاوەنەکەی سەردانی وەزارەت بکات".

وتشی "کارمەندەکەی مەڵبەند دەڵێت کریومە، خاوەنەکەشی دەڵێت نەمفرۆشتووە، هەرکاتێك کێشەکە یەکلایی بوویەوە ئێمە ئیجرائات دەکەین".

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد زۆر بەلایەوە ئاساییە کەبچێتە دادگاو وتی "ملم لەموو باریکترە بەرامبەر دادگا".

پێشتریش جەلال عەبدوڵڵا داوایەکی لەسەر هێرش سەنگەری تۆمارکردبوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێك لە سایتی نیشتمان نێتداو لەوتارەکەدا ناوی جەلال عەبدوڵای هێنابوو بەوەی پشتگیری کاری نایاسایی کردووە، دوای دوو ڕۆژ هێرش بەکەفالەت ئازاد کرا.

## هێشتا ڕائید فەهمی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی مادەی ١٤٠ کۆنەبووەتەوە



**پ. هاوڵاتی**

دوای دانانی سەرۆکێکی نوێ بۆ لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هێشتا لیژنەکە هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووەو هیچ برگەیەکی مادەکەش جێبەجێ نەکراوە.

لەو بارەیەوە نەرمین عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بە**هاوڵاتی** ڕاگەیاند "تائێستاو لەدوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێی لیژنەی ماددەی ١٤٠ جگە لەئیشی ڕۆتیناتی ڕۆژانە هیچ هەنگاوێك بۆ ئەو مەبەستە نەنراوەو تەنانەت کۆبوونەوەشمان نەکردووە، ئێستا ڕائید فەهمی سەرۆکی لیژنەکە لەدەرەوەی وڵاتەو هەفتەی داهاتوو کەگەڕایەوە کۆدەبینەوەو بۆئەو مەبەستە خۆمان بۆ زۆر شت ئامادەکردووە".

سەبارەت بەبڕیاری گەڕانەوەی قەزاو ناحیەکان ناوبراو وتی "ئێمە کورد پێشنیارێکمان ئامادە کردووەو بەنیازین ئاراستەی لیژنەکەی بکەین، بەڵام نازانین ئایا ئەو پێشنیارانەی ئێمە سودی دەبێتو ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت".

دوای چەند مانگێ لەنەبوونی سەرۆکی لیژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ لەدوو هەفتەی ڕابردوودا ڕائید فەهمی بوو بەسەرۆکی نوێی لیژنەکە.

## کەمپینێك دژی کوشتنی منداڵان ڕێکدەخرێت

**شیروان موحەممەد ئەمین، سلێمانی**

بڕیارە بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی بەرگری کردن لە مافەکانی منداڵان کەمپینێك دژ بە کوشتنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت.

زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەوبارەیەوە وتی "لەدوای کوشتنی کچێك بە ناوی سارا لە شاری خانەقین و چەندین ڕووداوی لەو جۆرە لە کوردستان، ئەو ڕووداوانە هانیاندایین بۆ ڕێکخستنی کەمپینێك دژ بەکوشتنی منداڵان". سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ دروست کردنی ئەو کەمپینە وتی "سەردانی کۆمەڵێك ڕێکخراوی منداڵانو کەسایەتی ناسراوو ڕۆشنبیرمان کردووە، دەمانەوێت کۆمەڵگا بە ئاگا بهێنینەوە، لەسەر مەسەلەی یاساو پەروەردەی منداڵانو بێخەمی دەسەڵات بەرامبەر بە پیادەکردنی مافەکانی منداڵان. کە ئامانجی ئێمە ئەوەیە لە ماوەی دوو ساڵدا هەدەفەکان بپێکین".

لەشاری سلێمانی، نزیکەی پانزە ڕێکخراوی منداڵان هەیە، لە ماوەی ئەمساڵدا، لە کوردستان چەند ڕووداوێکی کوشتنی منداڵان ڕوویداوەو تاکو ئێستاش کەمپینێکی تایبەت بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی منداڵان نییە.

## لەبەریتانیا هاوسەرەکەی ئەیاد عەلاوی بۆ ماوەی ساڵێك بەندکرا

**کاوە ڕەش، بەریتانیا**

بەهۆی سەرپێچیکردن لەیاسای هاتووچۆو خێرا لێخورینو نەدانی غەرامەوە، پۆلیسی شاری لەندەنی بەریتانیا هاوسەرەکەی ئەیاد عەلاوییان دەستگیرکردو دادگاش بەساڵێك بەندکردن حکومی دا.

ڕۆژی ٨/٨ لەشاری لەندەن هاوسەرەکەی ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق بەهۆی خێرا لێخورینەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێتو پاشان بەهۆی نەدانی ٣٠ پاوەند غەرامەو هەوڵدان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پۆلیس دەدرێتە دادگا، داوەریش حکومی داوە بە ساڵێك بەندکردن.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی میترۆی بەریتانی پۆلیس چوونەتە سەر ماڵی عەلاوی بۆیان دەرکەوتووە کەخانووو کەلوپەلی ناو ماڵەکەی بایی ٣٠ ملیۆن پاوەندی بەریتانییە کەئەوەش بۆتەجێی سەرسورمانی پۆلیس کەچۆن خاوەنی ئەو هەموو سامانەیەو تەنها بری ٣٠ پاوەند غرامەی سەر پێچییەکەی نەداوە.

## کوژرانی چەندین هاوڵاتی کورد لەموسڵ

**پ.موسڵ**

هەفتەی ڕابردوو لەچەند هێرشێکی جیاجیادا گروپە چەکدارە توندڕەوەکان پێنج هاوڵاتی کوردو ٤ پێشمەرگەی پارتییان کوشتو ١٤ پێشمەرگەی تریشیان بریندار کرد.

لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی بەرپرس لەشاری موسڵ ئەوەی ئاشکرا کرد، کەهێزەکانی پۆلیسی عێراق لەڕۆژی ٨/٩ تەرمی دوو هاوڵاتی کوردی کوژراویان بەناوی (سەرکەوت عەبدول وەهابو سەمیر محەمەد زێباری) دۆزییەوەو دواتر گواستیانەوە بۆ پزیشکی دادوەری، کەئاسەواری گوللە بەجەستەیانەوە دیاربوو.

سێ کورد بەئاشکرا دەکوژرێن لەلایەکی ترەوە چەکدارە توندڕەوەکان هەر لەشاری موسڵ سێ گەنجی کورد کەبرای یەکتربوون، بەبەرچاوی خەڵکەوە گوللە باران کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨/٨ لەمەیدانی کڕینو فرۆشتنی ئاژەڵی ئەو شارە گروپێك چەکداری نەناسراو سێ گەنجی کوردیان فراندو نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەگەرەکێکی موسڵ بەبەرچاوی خەڵکەوە گوللەبارانیان کردن.

سێ گەنجە کوژراوەکە ناویان(عیسامو بەسامو عاسم)ەو کوردی شەبەکن.

هەر لەوبارەیەوە ڕۆژی ٨/١٠ لەنزیك گوندی عەین زاڵە لەناحیەی زماری سەر بەپارێزگای موسل تەقینەوە بووە هۆی کوژرانی چوار پێشمەرگەو برینداربوونی چواردە پێشمەرگەی تر.

## لەبەریتانیا پێش ناردنەوەیان ژمارەیەك پەنابەری کورد هەڵهاتن

**کاوە ڕەش، بەریتانیا**

دوای دەست بەسەرکردنی ژمارەیەك پەنابەر لەکامپێکی داخراودا لەبەریتانیا بەمەبەستی ناردنەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان، کەژمارەیەکی بەرچاوییان کورد بوون، بیست پەنابەر هەڵهاتوون کەژمارەیەکیان کوردن.

ژمارەیەکی بەرچاو لەو پەنابەرانەی کەمافی پەنابەرێتیان پێنەدراوە لەبەریتانیا لەکەمپێکی داخراوی شاری ئۆکسفۆرد لەژێر چاودێری پۆلیسدابوون، هەفتەی پێشوو بیست پەنابەر هەڵهاتن لەدەستی پۆلیس کەبەشێکیان کوردی عێراق بوون.

هەر لەبەر دەستگیرنەکردنیانو ڕەوانە نەکردنەوەیان بۆ عێراق بەشێك لەو پەناهەندە کوردانەی کەمافی نیشتەجێبوونیان نییە، سەردانی پۆلیس ناکەن بۆ ئیمزاکردن.